# سەرۆکی هەرێم

سەردار عەلی کەریم/ئەلمانیا

ئەگەر ئاورێک لە مێژووی میللەتەکەمان بدەینەوە ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کەلەهەموو شۆرش و ڕاپەڕین یان لەهەموو جولانەوەوبزووتنەوەکانی گەلەکەمان لە پێناوی دەستەبەرکردنی ئازادی و سەربەخۆیی هەمیشە لەلایەن کەسایەتیەکی بەهێز سەرکردایەتی و ڕابەرایەتی کراوە، واتە هەریەک لە شۆرشەکان بەستراونەتەوە بە ناوی ئەوکەسانەی کە ڕابەرایەتی ئەو شۆڕشەیان کردووە،هەمان شت بە نسبەت زۆربەی هەرەزۆری شۆرشەکانی گەلانی ژێردەستی تری جیهان بۆیە هەر لەڕێگەی ئەم شۆرش و بزووتنەوە ئازادیخوازانە بوو کە جیهان چەندەها گەورە سەرکردەی ناسی کە ناویان بۆ هەتا هەتا لە مێژوودا نووسرا.لێرەدا ئەوەی مەبەستی منە کەباسی لێوەبکەم سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانە بێگومان هەرێمی کوردستانی{عێراق} دەبووایە نەک ئێستا بەڵکو هەرلەکاتی سەرلەنوێ دروستکردنەوەی دامەزراوە سەروەریەکانی هەرێم کە بریتی بوون لە پەرلەمان و حکومەت و دەزگای قەزائی لە پاڵ ئەمانەش دەبووایە هەر ئەوکات واتە لە ساڵی 1992ز سەرۆکایەتی هەرێمیش دانرابا بەڵام لەبەر چەند هۆیەکی تایبەت بە خسوسیەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان کە ئەوکاتە لەژێر بەرەیەکی یەکگرتوو بوو بەناوی{بەرەی کوردستانی}وا بەچاک زانرا کە لەجیاتی سەرۆکی هەرێم لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمان ڕابەرێک بۆ هەرێم هەڵبژێردرێ بەلام دیسان بەداخەوە لەبەر یەکتر قەبول نەکردن و بیری تەسکی حزبایەتی،دەنگی میللەت خرایە ژێرپێ بەناچاری دەستەیەکی سەرۆکایەتی هەرێم دانرا کە دوای ماوەیەکی ئێجگار کورت بەهۆی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ لەنێوان یەکێتی و بزووتنەوەی ئیسلامی دەستەی سەرۆکایەتی هەرێم هەڵوەشایەوە چونکە یەکەم بڕیاڕی دەستەی سەرۆکایەتی هەرێم لەلایەن یەکێتی یەوە ڕەتکرایەوە کە داوای کرد هەرچی زووە شەڕ بووەستێ کوردستان نە ئەفگانستانە و نە سۆماڵ، ئێستاش دوای تێپەڕبوونی 13 ساڵ لەگەڵ هەڵبژاردنی دووم پەرلەمان و لەم قۆناغە گرنگەدا بوونی سەرۆکی هەرێم زۆر زەروورەتێکی مێژوویە بۆئەوەی هیچ بۆشایی یەکی یاسایی و سیاسی نەمینێ لە هەرێمی کوردستان .لێرەدا ئەوەی جێگەی بایەخی هەموو جەماوەری کوردستانە کەسایەتی سەرۆکی هەرێم و دەسەڵاتەکانیەتی سەبارەت بە کەسایەتی سەرۆکی هەرێم وەک هەموو لایەک دەزانین کە بەڕێز مەسعود بارزانی ڕەزامەندی هەمووڵایەکی لەسەرە بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم بێگۆمان خوودی بەڕێز بارزانی خاوەنی کەسایەتیەکی ئێجگار بەهێزو بەتوانایەو بوونی بەڕێز بارزانی لە سەرۆکایەتی هەرێم دڵنەواییە بۆ هەموو کورد کەئایندەی هەرێمی کوردستانی{عێراق} لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی..هتد بەرەو پێشکەوتن و زیاتر بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کوردستانەوبەشێوەیەکی عەمەلیش لەماوەی ئەم 14 ساڵەی دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری 1991ز سەرچاوەی هەموو بڕیارە چارەنووس سازەکانی پرسی گەلەکەمان لە پیرمام و هەولێر بووە،بۆیە بوونی سەرۆکێکی بەهێز وەک بەڕێز بارزانی بەهێزبوونە بۆ کەسایەتی تاکی کورد لە بەرامبەر دوژمنانمان بەتایبەتی کە تاکی کورد بەدرێژایی مێژوو هەستی بە کەسایەتی خۆی نەکردووە چونکە هەردەم بەبێ وویست و ئارەزووی خۆی وەک هاووڵاتی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان ناوی هاتووەونەبۆتە خاوەن کیانێکی سەربەخۆ ، سەبارەت بە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمیش ئەوا نابێ دەسەڵاتی سنووردار بکرێت بەبیانووی ئەوەی کە یاسای کاتی بەڕێوبردنی دەوڵەتی عێراق دەسەڵاتەکانی سەرۆک کۆماری عێراقی سنووردارکردووە کەلە چەند بڕگەیکدا تەواوی ئەرک و دەسەڵاتەکانی دیاریکراوە نموونەی هەرە سادەو بچووک هەریەکێک لە جێگرەکانی بۆی هەیە ڤیتۆ بەکاربهێنی دژی هەربڕیارێکی سەرۆک کۆمار بەڵام لەو یاسایەدا لە هیچ بەندو بڕگەیەک باس لە سەرۆکی هەرێم ناکات بەڵکۆ دەڵێ پەرلەمانی هەرێمی کوردستان دەتوانی دەستوری تایبەت بۆ هەرێم دابنێت هەروها یاسا دابرێژی،لەلایەکی تر ئەو یاسایە کەلە عێراق هەیە تەنها بۆ قۆناغی گواستنەوەیە ئەمەش شتێکی سروشتی یە کە هەموو دەوڵەتێک دوای رووخانی ڕژێمی سیاسی و گۆڕینی بۆ سیستەمێکی تر بە قۆناغی گواستنەوە تێدەپەڕێت بەلام بارودۆخەکە لەهەرێمی کوردستان زۆر جیاوازە چونکە ئەو هەرێمە ماوەی 14 ە ساڵە خاوەن پەرلەمان و حکومەتە کەواتە هیچ پەیوەندی بە قۆناغی گواستنەوەی عێراق نی

یە بەڵکو تەنها لە چاوەڕێکردنی پرۆسەی دامەزراندنەوەی عێراقە بۆ ئەوەی فیدرالی مێژووی جوگرافی لە دەستوری هەمیشەی دا بنووسرێت و بچەسپێت. کەواتە بە پێچەوانەی عێراق کە زیاتر لە 80 ساڵە دەوڵەتە و بەدرێژایی ئەو مێژووە تێکرای گەلانی عێراق بەتایبەتی گەلی کوردستان لە ژێر جەورو ستەمی رژێمە دکتاتۆرە یەک لەدوای یەکان تووشی چەندەها کارەسات بووینە هەموو ئەمانەش تەنها بە فەرمانی تاکە کەسێک بوو کە تەواوی عێراقی بەڕیوەدەبرد لە ژێر سایەیی رژێمی شمولی بەڵام کوردستان هەتا ئێستا خاوەن کیانێکی سەربەخۆنی یە تەنانەت خەباتێکی سیاسی و کۆمەلایەتی و لەوانەیە چەکداریشی پێویستە بۆ دابینکردنی تەواوی ماف و داخوازیە ڕەواکانی لەبەرئەوە هەرێم پێویستی بە سەرۆکێ بەدەسەڵاتە لە پاڵ پەرلەمان و حکومەت کە هەریەکەیان ئەرک و دەسەڵاتەکانی لە چوارچێوەی دەستورێک بۆ هەرێمی کوردستان دیاری دەکرێت گرنگ لێرە فراوانی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم نی یە بەڵکو گرنگ لە پاراستنی سیستەمی دیموکراسی یە لە کوردستان بەدرێژایی مێژووی کوردستانیش بارزانی باوک و بەڕێز مەسعود بارزانی هەڵگری مەشخەڵی دیموکراسی و ئازادی بوونە.